پەشەوا هەورامانی: ناردنی موچە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و داهاتی ناوخۆوە بەستراوەتەوە

پەشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ناردنی موچە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و داهاتی ناوخۆوە بەستراوەتەوە، کۆمپانیا نەوتییەکان و بەغدا نزیك لە ڕێککەوتن. بۆ داهاتی ناوخۆش چاوەڕوانی وەڵامی ئەنجومەنی دەوڵەتن. دەشڵێت، "سەرجەم داواکانی بەغدامان جێبەجێکردوە و هیچ شتێك لەسەر ئێمە نەماوە".

پەشەوا هەورامانی، ئەمڕۆ شەممە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بەغدا بابەتی موچەی بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و داهاتی ناوخۆوە بەستوەتەوە. لە ئێستادا بابەتی نەوت نزیکە لە چارەسەر و بەغدا و کۆمپانیاکان نزیکن لە ڕێککەوتن.

ئاماژەی بەوەشکرد، بۆ بابەتی داهاتی ناوخۆ، عێراق یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتی داوەتە دەست ئەنجومەنی دەوڵەت و پێویستە ئەوان لە زوترین کاتدا وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بدەنەوە و بەگوێرەی دەستور ئەو کێشەیە یەکلایی بکەنەوە.

پەشەوا هەورامانی باسی لەوەشکرد، ئێمە وەك حکومەتی هەرێم هەردو داواکە بەغدامان جێبەجێکردوە و هیچ شتێك لەسەر ئێمە نەماوە. بۆیە ناردنی موچە پێویستی بەو دواخستن و کێشەو لەمپەرانە نییە. ئەو

دو ک□ش□ی ک□ ه□بون نزیک□ ل□ چار□س□ر و پ□ویست□ ب□غدا موچ□ی مانگ□کانی پ□شو و ئ□وانی دواتریش بن□ر□ت.